www.kurdistannet.org
24-11-2006 12:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وەڵامێک بۆ ئاسۆ بیارەیی ... میران

دەمەوێ زۆر بەکورتی وەڵامی جەنانت بدەمەوە
ئەوەی تۆ نوسیوتە تەنها دروست کردنی فیتنەیی وئاژاوەیە ئەگینا هەرچی مانای تر بێت نایگرێتە هەروەها ئەوەی تۆ هەوڵدانە بۆ پارچە پارچەکردنی کوردستان نابێ لەسەری بێدەنگ بین چونکە تەنها زمانی کوردییە ئێمەی بەیەکەوە بەستۆتەوە وەك میلەتی کورد. تۆ دەتەوێ خۆت بەنوسەریکی گرنگ لەقەڵەم بدەی بەڵام بەداخەوە. بەرێزم ئەگەر تۆ مەبەستت خزمەت کردنی زمانی کوردی بێت دەبێ سەیری میلەتانی دنیا بکەیت لە چ وولاتێکدا دوو زمانی ستاندار هەیە ئەگەر یەك نەتەوە بن ئێمە وەك کورد یەك نەتەوەین ئەویش نەتەوی کوردە بۆیە دەبێت یەك زمان یەك شێوەی خوێندن یەك زمانی فەرمی هەبێت کە دەکرێت لە سۆرانی وبادینی وهەورامی لەهجەی تریش پێك بیت بەڵام گرنگ ئەوەیە هەموو ئەم جۆرە جیاوازانە لەیەك زمانی فەرمی کوردیدا کۆبکرێنەوە.
ئێمەی کورد دەیان ساڵە دوژمنانمان لە هەوڵی ئەوەدان کە وەك کردیانین بە چوار پارچەوە ئەو پارچانەش هەریەکە بۆ خۆیان ببن بە چەندین پارچەی ترەوە تا رۆژێك بێت زۆر بەئاسانی دەست بەسەرماندا بگری یان وامان لێبێت بەهۆی جیاوازی لەهجەمانەوە دژایەتی یەکتری بکەین. دەبێ تۆش وهەموو نوسەرێکی تر لەهەوڵی ئەودابن کورد لەهەموو رویەکەوە ببێت بەیەك پارچە وەبەتایبەتی زمان کە گرنگترین فاکتەرە بۆ یەکگرتنی ئەو میلەتە بۆیە من پێت دەڵێم تادەتوانی زو پەشیمان ببەرەوە لەوەی نوسیوتە چونکە ئەوگەلە چاوکراوەیە لێت خۆش نابێت کە لە هەوڵی پارچە پارچەکردنی میلەتدا بیت. دوای ئەوە جەنابت وتارەکانی مامۆستا محسین جوامێرت خویندۆتەوە تا ئەوا بەناهەق تاوانباری دەکەیت. ئەو مامۆستایە لەهەوڵی بێوچانی پاراو راگرتنی زمانی کوردی دا دەیان وتاری لەسەر نوسیوە کە سبەینێ لە زانکۆکاندا دەخوێندری، تۆ باسی چی دەکەیت. هەروەها بەرێز ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان چاك دەرکی بەمەسەلەکە کردوە دەزانێت تەنها ئێمە وەك میلەتێکی گەورەی ئەم دنیایە زمانێکی ستاندارمان نیە کە بتوانین بەباشی هەموو کورد لەیەك تێبگەین. من لەخۆت دەپرسم بەراستی کەسیکی بادێنی وتارێك بدات بەبادینی کەسێکی هەورامی تێداگات لێی چی دەڵێت، وە بەپێچەوانەوە. لەوەڵامدا من دڵێم زۆر زەحمەتە، بەڵکو نەك ئەوە سۆرانیەك لەبادێنیەك باش تێ ناگات، ، ، ، ئایا تاکەی ئاوهابین ئەوە دەبیتە هۆی یەکگرتنی زمان یان لەیەك نزیك بۆنەوەمان یان دوربونمان لەیەك. بۆیە لیرەوە دەمەوی پێت بڵیم (ئەگەر گوڵ نیت درکیش مەبە)

miran_shar@hotmail. com